# جیهاد وتێکۆشان بەرپا بکەن بەرامبەر موشریکەکان بە ماڵتان ونەفستان وزمانتان

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جیهاد وتێکۆشان بەرپا بکەن بەرامبەر موشریکەکان بە ماڵتان ونەفستان وزمانتان».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە ئیمانداران کرد بەوەی کە جیهاد ئەنجامبدەن لە ژێر دەسەڵاتی پێشەوا (ئیمام یان دەسەڵاتدار)، ولە ژێر یەک ئاڵا کە ئاڵای هەموو ئیماندارانە، ومەبەست لە جیهاد کردن بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خودا بێت (بۆ سەرخستنی ئیسلام بێت) نەک بۆ مەبەستی دونیایی، وجیهاد بەم شێوەیە دەبێت: 1/ بە ماڵ: واتا بەخشینی پارە وسامان بۆ کڕینی چەک، وئامادەکاری بۆ موجاهیدەکان، وبەو شێوەیە. 2/ بە نەفس: دەستپێکردنی جەنگ وجیهاد بۆ کەسێک کە لە توانایدا هەبێت، وگونجاو وشایستە بێت بۆ ئەم ئەرکە مەزنە، وجیهادکردن بە بەخشینی نەفس بنچینەی سەرەکیە لە جیهادکردندا، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ﴾ [التوبة: 41]، واتە: ﴿جیهاد بکەن وتێبکۆشن بە ماڵ وگیانتان لە پێناو خودا (لە ڕێگەی خوادا)﴾. 3/ بە زمان: ئەمیش بە بانگخوازی بۆ ئاینی خودا -سبحانه وتعالى- وبڵاوکردنەوەی، وبەرگری کردن لە ئیسلام، و وەڵامدانەوەی گومانەکان سەبارەت بە ئاینی ئیسلام، و وەڵامدانەوەی گفتوگۆی مولحید وبێباوەڕ وموشریکەکان، وبڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلام بەهەموو کەرەستە وئامرازێکی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سەردەم، ئەمیش بۆ سەلماندنی بەڵگە بە سەر ئەوانەی سمنجن (عینادن)، وبە دەنگ لە کاتی گەیشتندا ونەهی لێکردن وهەڕەشە کردن وبەو شێوەیە وبە هەرشێوەیەک کە پیلاندانانی تێدا بێت بۆ دوژمنان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَنَالُونَ مِنۡ عَدُوّٖ نَّيۡلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٞ صَٰلِحٌۚ﴾ [التوبة: 120], واتە: ﴿وهەر زیانێک لە دوژمن بدەن (لە دیل کردنیان وکوشتنیان یان گرتنی ماڵ وسامانیان) بەهۆی ئەمانەوە کردەوەی چاکیان بۆ دەنوسرێت﴾، وبەو وتارانەی کە هاندەدەن بۆ جیهادکردن، وبە وتنەی شیعر وهۆنراوەکان هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (اهجوا قريشا فإنه أشد عليهم من رشق النبل) [رواه مسلم]، واتە: (هۆنراوە بڵێ دژی قورەیش؛ چونکە ئەمە توندتر وناڕەحەتترە لەسەریان زیاتر لە وەشاندنی تیرەکان).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64597